کەشناسی هۆشداری دەدات کە بەرەبەیانی سبەی شەممە تەمەکی چڕ بەرێوەیە



ئەمڕۆ هەینی،دەستەی کەشناسی، هۆشداری دا لە دروستبوونی تەمەکی چڕ لە بەرەبەیانی سبەی شەممەدا و نەمانی مەودای بینین لەسەر ڕێگە دەرەکییەکان.

دەستەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا، کە دەستی ئاژانسی موتەڵع کەوتووە، تیایدا هاتووە : لە کاتەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە شەپۆلێکی تەمی چڕ لە چەندین ناوچەی شارەکانی وڵات دروست دەبێت، بەتایبەتی لە ناوچە بیابانییەکاندا، ئەوەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی شێ و باوە، کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرچاوی مەودای بینینی ئاسۆیی تا ئاستی نەمان لەسەر ڕێگە دەرەکییەکان.

دەستەکە لە ڕاگەیەندراوەکەدا،ئامۆژگاریی شۆفێران لە ڕێگە دەرەکییەکان دەکات لەو کاتانەدا بەرزترین ئاستی وریایی لەکاتی شۆفێریکردندا بگرنەبەر، تاوەکو ئەو کاتەی پێش نیوەڕۆ مەودای بینین بەشێوەیەکی پلەبەندی باش دەبێتەوە.